# ئینتیماو ریکلام، فۆرمێکی تری ئەنفال !

ئاسۆعەبدوللەتیف

کورد بێخەمیەکی زۆر داگیری کردووە لە ئاست لاوازی گوتاروئینتیمای نەتەوەیی و ئاسایشدا، هۆکارەکەش دیارە کە لە ناو چ گوتارێکی شپرزەدا ئەژین و چۆنیش سیاسەت ئەکەین، دەکرێ لە دوا دیاردەوە دەست پێبکەین کە ریکلامێکی عەرەبی شۆڤێنی دژ بەکوردە کە کۆمسیۆنێك لە بەغداوە رێکیان ئەخات و دێن بەلافیتەو فلێکسی گەورە لە سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و شارەکانی تری کوردستان بڵاوی ئەکەنەوە (ئەوە ئێمەی عیراقین)!! باشە دەسەڵاتی حکومی و حیزبیمان لە کوێن لە ئاست ئەم تاڵانکردنە هێمن و ژەهر ئاسایەی بیرو زیهنیەت و هزری نەتەوایەتیمان؟ ئایا بەرپرسانمان ئەو ریکلامە ناسیۆنال توندرەوە عەرەبیە نابینن کە لە ساتەوەختێکدا ئینتیماکانمان ئەکوژێ و هەموو کورد ئەکاتەوە بە عیراقی و شوناسی کورد بوون و کوردستانی گەورەو سنوری جوگرافیمان لەبیر ئەباتەوەو بەجارێ ئەمانباتەوە بۆ خاڵی سفروکۆتایی؟ لەکوێی شارێکی عەرەبیدا کورد ئەتوانێ بە دێرێك بڵێ کوردەکانیش خاوەنی نیشتیمانی خۆیانن یان بنوسرێت بەغدادیش کوردستانەو کورد خاوەنی نەوتی بەسرەو سامانە سروشتیەکانی جنوبی عیراقە و خەباتیشی بۆ ئەکات؟کورد گەر سیستمی فیدراڵی نەبێ ئاخر چی ئەکات لە عیراقدا و لە کوێی عیراقدا کورد ئاسوودەبووە؟ بەسوپا زۆرەملێ و میلیتاریەکەی یان بە عەقڵە شۆڤێنیەکەی یان بەو سیستمی بیرکردنەوە سەردەست و زۆرینە رەهایەی کە بەردەوام خاوەنی شەرعیەت بووە بۆ خۆی و بۆ کەمینەکانیش سەربرین و سوکایەتی، دەکرێت هەم دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی و هەم پەرلەمان لەبەرانبەر ئەو هەموو سوکایەتیەدا بە تاکی کوردی بێدەنگ نەبێ؟ ئەبێ دەسەڵاتی تازە دامەزراوی بەغداد بزانێ ئێمە هیچ وەخت عیراقی نەبوین و ناشبین، ئەوە رەنگە بۆچوون و ئیجتیهادی هەندێ لە بەرپرسە باڵاکان بن کە دانیشتووی بەغدان و هەر رۆژەی بە جۆرێك دەستکاری گوتارو دروشم و ئایندەمان ئەکەن و بە میزاجی خۆیان جارێك ئەمانکەنە دۆستی عیراق و جارێکی دیکەش ئەمانکەنە دوژمن و دواجار ئەنفال و هەڵەبجە بەرهەم دێنن.

ئێمە گەر عیراقی بین و رازین بەو دروشمە بۆچی شەهیدمان بەخشی و شۆڕشمانکرد و قوربانی و خوێنماندا؟ ئەگەر عیراقین بادەسەڵاتی کوردی پێمان بڵێت ئیتر ئەوەندە شانازی بە شۆرش و شەهیدو قوربانیانمانەوە نەکەین و ئەوەندەش خۆمان هەڵنەواسین بە حیکایەت و سیناریۆکانی شاخ و ئەوەندەش باس لە چەمکی قارەمانێتی نەکەین، چونکە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەبوو کە ئێمە بڵێین عیراقی نین و کوردستانین و لە خاکێکدا ئەژین کە جیاوازە لە خاکی عروبەو جیاوازە لە خاکی ئەو دەوڵەتەی کە بە خوێن و ئێسك و پروسکی نەتەوەیەکی پەرتەوازەی وەکو کورد دروستکراو حورمەت و ئازادی و زمانی بۆ سێ چارەکە سەدە لێسەندینەوەو بێبەشی کردین لە هەر مافێکی سەرەتایی و لەبەرانبەر نەتەوەی باڵادەست و زۆرینەدا بێڕێزو بێ حورمەتی کردین، ئایا ئەم بەناو دەوڵەتە تازەیەی پاش 9ی نیسانی 2003 بە کوردەکانی خۆشمانەوە ئەتوانێ قەرەبووی هەموو ئەو زیانە رۆحی و مەعنەوی و ئەخلاقیانەی رابردوومان بۆ بکاتەوە؟

ئەو ریکلامەی کە لە شەقامەکانی سلێمانی و هەولێردا زاخاوی چاوو مێشکمان ئەدات بەوەی کە ئێمە عیراقین ئەوە تەئکیدکردنەوەیەکی شۆڤێنیانەی زیرەکانەیە تا بەنەرمی بڵێن کورد بۆی نییە خاوەنی گوتاری کوردانەی خۆی بێت و دەلالەتی ئەوەیە کە ئێمە تائێستاش شتێکمان نییە بەناوی پرۆژەی سیاسی کوردی و ئێستاش دەماری بەهێزی عەرەبی هەیە ئەمانباتەوە بۆ بەغداو هێشتا ئەوەتاین لەبەردەم نەشتەری پاکتاوی رەگەزی وئێستاش مەحکومین بە رژێمێکی نەگۆری ئیستیبدادی بەناو دیموکراسیی،هەر ئەو ریکلامانە بۆخۆی سەرەتایەکی باشن تا ئێمە بەعسێکی تر بناسین و ئاشنابین بە دەوڵەتێکی تری سەرکوتکەرو تۆتالیتار کە پێی ئەوترێت عیراق و کورد تیایدا وجودێکی ئەنتۆلۆژی نییەو پێشمان ئەڵێت رەنگە پرۆسەی ئەنفال بە نەوعێکی تر درێژەی هەبێت بۆ تواندنەوەی کولتورو زمان و نیشتیمانی کوردی، وە ستایلی ئەنفال لە ئێستادا وەکو رۆحێکی دژەکورد لە ناو فۆرماسیۆنەکانی ریکلام و کۆمپانیاومیدیا سیحریەکاندا بژی و کاری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، زانین گرنگە بۆ کورد تا ئەو رادەیەی کە ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی مێژووکرد نەوەستاوەو هێشتا خاوەنی شاخوێنبەرەکانی خۆیەتی لە قوڵایی خاکی عەرەبەوە بۆ کوێستانەکانی کوردەواری، ئەو وەهمەی یان ئەو خەیاڵە یۆتۆپیەی کە وا ئەزانێ ئەنفال یەکسانە بە ساتەوەختی شکستی سەدام و هەندێ رەوتی بەعسی ئەوە خەیاڵێکی کەم تفاقەو بە جوانیەکانی مۆدێرنەو میدیا باوەری هێناوەو وا ئەزانێ ئەنفال بریتییە لە سەدام و مەرگی سەدامی، بەڵام نازانێ ئەنفال بۆخۆی درێژکراوەی عەقڵ و نەهجێکی ستراتیجیانەی نیمچەدورگەی عەرەبییەو بەردەوام پیاوی خۆی و کاراکتەری خۆی گەورە ئەکات و بەری ئەداتە گیانی نەتەوە کەمینەکان، بۆیە ناکرێت زەمەنی ئەنفال هەرگیز رابگیرێت لە رێکەوتێکی مێژوویدا، ئەگەر کەرەستەکانی دوێنێی بریتی بوبێت لە زنجیرو پۆستاڵ و تانك و کیمیایی ئێستا بریتییە لە ریکلام و جوملە سەرەتانیەکان و بێئومێدکردنی شاندی کوردی لە بەغدا،

راستەخودی جەنگی رزگاری عێراق درێژکراوەی جەنگێکی جیهانی بوو کە پاش 11ی سێبتەمبەرو لە ئەفغانستانەوە درێژبویەوە تا عێراق، وە شەری تیرۆرو دەرهاوێشتەکانی کە ئەمریکا دروستی کرد بۆ لەناو بردنی هێلانەکانی تیرۆر زادەی ئەو حاڵەتە تراژیدیەبوو کە جیهانی لە لێواری مەرگی بەردەوام نزیك کردبویەوەو تادەهات ئەم ترسەش لە سەردەستی دەوڵەتە دیکتاتۆریەکانی وەکو تالیبان و سەدام زیادی ئەکرد کە بووبوونە یارمەتیدەرو ئیلهامدەری رێخراوە توندوتیژو ئیرهاب پیشەکان، کەچی ئێستا خۆبەخۆو بەهێمنی خەریکە عیراقێکی تری مەزهەبی و سەرسەخت بۆ کورد دروست ئەبێتەوە کە لە هەگبەکەیدا هیچ ئەمەلێکی تێدانییە بۆ گەلێکی وەکوکورد، ئەگەر قەناعەت بەوە بهێنین کە جەنگی دژە تیرۆر بۆ خۆی فەزایەکی جیاوازترو مێژوویەکی نوێی دروستکرد کە گۆرانێکی رادیکالانەی خستەوە ئەبێت لەگەڵ ئەو قەناعەتەشدا ئەوە بزانین کە هیچ لایەنێك بەدەر نییە لەو باهۆزی گۆرانکاریانە بەڵام ئەبێ گۆرانکاریەکە فیکری و هەمەلایەن و کولتوری بێت و ئاستی شاقوڵیانە وەربگرێت نەك گۆرینی روکەشانەو

ئاسۆیی و لابردنی سەدام بە سەدامێکی دیکەو کۆشکێ بە کۆشکێکی تر، بۆکورد پێویستە بە هۆشیارییەکی زۆرترەوە مامەڵەبکات و ئەوەندەش خۆی تەسلیمی بەغداو دەوڵەتی عەرەبی عیراقی نەکات، لێرەوە مەعریفەی سیاسیش ئەبێت لە بازنەیەکی تیۆری و دەستەواژەییەوە بگوازینەوە بۆ پرۆسیسێکی عەقلانی و بەرژەوەندخوازیانەوبەپێی لۆژیکی رۆژانە مامەڵەی بکەین و بەردەوام گۆرانکاری هەڵبگرێت،مەعریفەی سیاسی مەعریفەیەکە شتەکان بە ئاشکرایی رائەگەیەنێت و موجامەلات نازانێ واتە کردەیەکی ئەبستراکتە و خۆی رووت ئەکاتەوە لە هەر عاتیفەو گوتارێکی سۆزدارانە، ئەوەندەی لە سەر سودو قازانج یان دەستکەوت و باج ئەوەستێت لە سەر هیچ شتێکی دیکە ناوەستێت، پێناسەی خۆی لەو خاڵەوە وەرئەگرێت کە تاچ رادەیەك ئێمەبەرهەم ئەچنینەوەو ئەتوانین زاڵ بین بە سەر عاتیفەماندا، چونکە کاتێك ئەو عەتفەمان کوشت لە نێوخەیاڵدانی گوتاری سیاسی خۆماندا ئەوا ئەگەینە وێسگەیەك کە بەردەممان رۆشن ئەکاتەوە تا بە پێوەرە لۆژیکی و عەقڵیەکان کار بکەین و خێرا بە وەڵام بێین بۆ ئەو پرسیارانەی کە تائێستاش وەڵامەکەی نازانین، ئایا کورد حکومەتی هەیە؟ ئەگەر هەمانە بۆچی عیراقین و بەدەستی خۆمان سنوری کوردستان کاڵ ئەکەینەوە و رازی ئەبین ئەو ریکلامچیانەی عەرەب بە هێمنی بێنەوە ناومان و ژەهری خۆیان برژێننەوە بە سەرماندا؟ ئەو گوتارە کامەیە ئێمە کاری پێئەکەین بەرانبەر ئەویتر؟ هەمووجیهان دۆستمانە یان تاکە دۆستێکمان نیە جگە لە ئەمریکا؟ بەراست ئەمریکا دۆستمانە؟ ئەی مەعریفەی سیاسیمان ئەتوانێت پێمان بڵێت ئەوەی ئێمە وەك پرد دروستمانکردوە لە گەڵ ئەمریکادا خەیاڵ و عاتیفەیە یان ئەو لۆژیکەیە کە وەك زەرورەتێکی نێودەوڵەتی دروست بوو بۆ روخاندنی دەوڵەتێکی ئیرهابی؟ کە ئێمەی کوردیش بە حوکمی نزیکیەکەی چاوەروانی دەستکەوتین بەڵام دەسکەوتی جەوهەری و ستراتیژی ئەگینا کوا کوردەکانی پارچەکانی تر ئەو دەستکەوتەیان هەبوە کە ئێمە هەمانە، لەکاتێکدا ئێمە ئەبێت وەکو کورد مامەڵە بکەین و سیاسەت بکەین، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا رێگە نەدەین بە عیراقیمان بزانن و سوکایەتی بەو ئەزموونە سیاسیانەمان بکەن و بەزۆر بمانکەنەوە بە ماڵی شپرزەی عیراقداو بەزۆریش بمانخەنە سەر نەتەوەی عەرەب و بەبەشێك لە نیشتیمانی عەرەبیمان بزانن، چونکە ئەبێت عەرەبەکانی عیراق پێش هەر کەس ئەو راستیە بزانن کورد خاوەنی کوردستانی گەورەیەو بەشێکیشە لە نەتەوەی گەورەی کورد و هەرگیز عیراقی نەبوین و ناشبین و گرنگە دەسەڵاتی کوردیش سنورێك بۆ ئەو ریکلامانە دابنێ و چاودێربێ لە ئاست ئەو درزانەی کە رۆژ بەرۆژ ئەخرێتە جەستەی کوردیمان و بەرپرسانی بەغداش لێی بێئاگاو خەم ساردن.